# هەرێمی بەسرە
# گەمەی چەند سەرە



فلك الدين كاكەيی

دابەشبوونی رەسمیی عێراق ڕەنگە لە (هەرێمی بەسرەوە) دەستپێبکات.

لێرەدا کە باسی ئەگەری دابەشبوون و لەتلەتبوونی وڵاتی عێراق ئەکەم، لە جەوهەردا درێژە دەدەم بە وتارەکانی پێشـــوو لەمەڕ (خۆبوون) و شانازی بە ئاڵای خۆماڵیی نەتەوەییەوە. چونکە ئاڵاکەی ئێســتای عێراق مەگەر لە هەرێمێکی بچووکی رۆژاوای ئێســتای عێراق بمێنێ (لەو دەمەی کە خودی عێراق دەبێتە هەڵم و لەسەر نەخشە هەڵدەگیرێ) ئیتر با بێینەوە سەر خۆمان و لەوە بگەین کە هیچمان بۆ نامێنێ، خۆمان (خۆیەتی) نەبێ.

دیـــارە، دواترین چارەی بێچارەیی بارودۆخی عێراق ئەوەیە کە لەســـەر سیستەمی فیدراڵی (یا کۆنفدراڵی) دیموکراتی دابەشبکرێت.

سیناتۆری ئەمریکی (جۆزیف بایدن) رۆژ دوای رۆژ پرۆژەکەی لەمەڕ عێراقێکی (٣) پارچە دووپات دەکاتەوە.

دوو سیاســـەتمەداری گەورەی ئەمریکی چوونە پاڵی ج.بایدن، ئەوانەش وەزیرانی پێشووی ئەمریکان: هێنری کیسنجەر و مادلین ئولبرایت. چەندین ســـیناتۆر و ناوەندی لێکۆڵینەوەش چوونەتە ســـەر ئەو بـــاوەڕە، کە دەبێ کوردســـتانی عێراق بکرێت بە دەوڵەتێکی فیدرالی. دەوڵەتی تورکیا تۆقی لەوە چوووە.

لەم میانەدا بزووتنەوەی کورد دەبێ هێمن و ژیر و لەســـەرخۆ کار بکات تا ســـیناریۆکە بە چاکی بگات. چەندین هەلومەرج و هۆکار کۆبوونەتەوە تا رووداوەکان بەرەوە ئەو ئەنجامە ئاراســـتە بکـــەن. لەوانەش ئاڵۆزتربوونی قەیرانی سیاسیی حوکم لە عێراقداو، بەردەوامبوونی دەستێوەردانی وڵاتانی دەوروبەر و، بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژی و تیرۆر و خرابکاری.

بەرەی ســـوننەی عەرەب، هێشتا، هەموو عێراقیان دەوێ و گەڕانەوەی دۆخی ســـەردەمی رژێمی بەعس و ســـەدامیان گەرەکـــە، تا ئەوان هێزی ســـەرەکیی دەسەڵاتداری وڵات بن و سەروەت و سامان و توانای سەربازی و ئاسایشی لەژێر دەستی ئەواندابێ.

هەر چۆنێك بێ، ئەوا شیعە و کورد رێگا نادەن جارێکی دیکە بارودۆخی ســـەردەمی سەدام حسێن بگەڕێتەوە. بەڵام هێشـــتاش بە دیلی گونجاویان نەدۆزیوەتـــەوە. هەرچی گەلی کوردســـتانە ئەوا سیســـتەمی فیدرالیی دیموکراتیی بەچارەسەری واقیعی داناوە، بەڵام بەرەی شیعە هێشتا بڕیاری خۆی نەداوە، بەڵکو چەند بەشە لە نێوان چەندین رێگا چارەسەردا، وەکو:

١- زۆرینەیەکیان سیستەمی فیدرالییان هەڵبژاردووە (وەکو ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و چەندین گرووپ کە هاوپەیمانی ئەون).

٢- هەندێکیان ڕاڕان: جارێك دەیانەوێ لەگەڵ بەرەی ســـوننە جووت بن دژ بە فیدرالیزم و دیموکراتی. بەڵام ســـوننەی عەرەب بەخۆیان لەت لەت و بەشبەشـــن.. کەمێکیان میانەڕەو دیموکراتن. زۆرێکیان ناسیۆنالیســـتی توندڕەون.. بڕیاریان داوە تا دوا هەناســـە شـــەڕی بیرۆکەی فیدرالیزمی دیموکراتی بکەن.

٣- هەندێ گرووپی شـــیعە وەکو (فەزیلە) و (ســـەدر) هەر یەکە شتی جیـــاوازی بۆ خۆی دەوێ. جارێ فیدرالیزم قبـــووڵ دەکەن (تا ئەوەندەی لەگەڵ بەرژەوەندیان دەگونجێ)، جارێی دیکە رەتی دەکەنەوە.

شەڕ و ململانێی نێوان ئەو رێگاچارەیان لە گۆڕەپانی (هەرێمی بەسرە) و باشـــووری عێراق دا، خۆی شەر و ململانێی نێوان ئەو ڕێگا چارەیان لە گۆڕەپانی ( هەرێمی بەسرە) و باشووری عێراقدا خۆی دەنوێنێ.

ئەوەتا هێشتا هێزەکانی دەوڵەتی بەریتانیا بەتەواوی نەکشاوەتەوە، دەبینین کە لەسەر میراتی بەسرە شـــەڕ وز هەڵڵایە لەمە بەدوا ڕەنگە چارەنووسی هەرێمی بەســـرە، ببێ بە گەمەیەکی ســـەرەکیی عێراق، ئەویش لە نێوانی خودی شـــیعەکاندا، جگە لە نێوان سعودیە و کوێت و ئێران کە هاوسنووری هەرێمەکەن، هەر یەکەیان بەشێوەیەك تێکەڵاوی کێشەکەیە، چ لەبەر سامانی نەوت و گاز، یا لەبەر ئاسایش و ترسی تەشەنەسەندنی بیرۆکەی فیدرالیزم، یا لەبەر بوونی شـــیعە لە بەسرە و رۆژهەڵاتی سعودیە و کوێت و زۆربەی وڵاتانی خەلیج. کەواتە: گەمەکە چەند ســـەرەیە, نەك دوو سەرە. چونکە لەولاتر بەرژەوەند و هەڵوێستی ئەمەریکا و یەکێتی ئەوروپا و رووسیا و چین و ژاپۆنیش دێتە پێش، کە هەموویان چاویان لە خەلیج و بەسرەن.

کێشەی (هەرێمی بەسرە) هەموو گرفت و کێشەکانی خەلیج و سامانی نەوت دەورووژێنێ.

ماوەیەکە خەڵکی بەســـرە و عیمارە و ناسریە (باشووری عێراق) بڕیاریان داوە هەرێمـــی فیدراڵـــی خۆیان دابمەزرێنن. لێ شـــەڕ و ململانێی نێوان گرووپ و هێزەکانی شـــیعە ئەوەیە چ گرووپێك باڵا دەســـت بێت. حیزبی فەزیلە لەســـەرێك و رەوتی ســـەدر لەســـەری دیکەوە، هەر یەکە خۆی بە خاوەنی بەســـرە و باشوور دەزانێ. لەولاشەوە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی (ئەلحەکیم) خۆی بە خاوەنی هەرێمەکە دەزانێ. دەمێنێتەوە حیزبی دەعوە و چەندین مەرجەعیەتی شیعە و دەستە و گرووپ و عەشیرەتی گەورە.

لە ئەســـڵدا، کێشەی هەرێمی بەســـرە لە قەیرانی حوکم لە بەغداش، بە توندی، رەنگدەداتەوە.

(مەسەلەی بەســـرە)کۆنە. بەر لە ٨٠-٩٠ ساڵ، کاتێ دەوڵەتی تازەی عێراق پێك دەهات، خەڵکی بەســـرە داوایان کرد سەربەخۆ بمێنن، یا لەگەڵ کوێت ببن بەیەك. ئەو بیرۆکەیە ئێســـتاش ماوە.. بەڵام بەشـــێوەیەکی تر. ســـاڵانی ١٩٩٠-١٩٩١، لە کاتی داگیرکردنی کوێت، ســـیناریۆیەك هاتە ئاراوە کە کێشـــەی کوێت و عێراق هەر دەمێنێ مەگەر چارەسەی سیاسی دیکەی بۆ بدۆزنەوە، ئەویش ســـەربەخۆیی کوردســـتانی عێراق و بوون بە دەوڵـــەت (بەکەرکووکەوە) بەرامبەر بەنەوتـــی کەرکووك ئەوا کویت بخرێتە ســـەر عێراق دەڵێن بەر لە ٨٠-٩٠ ســـاڵ عێراق لەسەر هاوکێشەیەکی وەها دامەزرا، بـــەڵام بە پێچەوانەکەی. واتە: زلهێزەکان ســـەربەخۆیی دەوڵەتی کوێت و (نەوتەکەیان) مسۆگەر کرد، بەڵام بەرامبەر بە نەوتی کوێت، ئەوا نەوتی کەرکووکیان بۆ عێراقی تازە مســـۆگەر کـــرد. بێگومان هەر لەبەر ئـــەوەش بوو کە هەموو کوردســـتان (بەکەرکووکەوە) بـــوو بە قوربانی و بە زۆری زۆرداری بـــە عێراقەوە لکێنرا. لێرەوە بەدبەختی و مەینەتی ٨٠-٩٠ ساڵەی کورد دەستپێکرووە.

کەوا بێ، کێشەی (هەرێمی بەسرە) راستەوخۆ پەیوەندی بە چارەنووسی عێراق و کوردستانەوە هەیە. گەمەکەش چەند سەرەیە.

ئێستا لە بەغداو بەسرە شەڕ لەسەر داهات و ناردنی نەوتی خاوە، چونکە دەرکەوتـــووە کە نزیکەی ٥٠٪ نەوتی عێراق لە رێگای بەســـرەوە دەدزرێ، چەندیـــن دەوڵەت و کۆمپانیا و باندی بازرگانی نێودەوڵەتی بەشـــدارن لە دزینی سامانی نەوتی عێراق.

هەربۆیەش، لە بەســـرەدا، شـــەڕ و پێکدادان زیادە و کێشەی ئیداری و سیاسیی جۆربەجۆر رۆژانە، دێتە پێش.

لە ئەنجامدا عێراق رەنگە ببێ بە ٤-٥ بەشەوە (هەرێمەوە): کوردستان بە کەرکووك و خانەقین بەشێکی موسڵەوە)، بەسرە و پارێزگاکانی باشوور، ناوەڕاســـت و، رۆژاوای عێراق، بەتایبەتی پارێـــزگای رەمادی (ئەنبار) کە رووبەرەکەی نزیکەی ٣/١ی رووبەری هەموو عێراقە، لەســـەر حسابی شـــیعین گەورە کراوەتەوە. هەروەها رەنگە هەرێمی بەغداش پێکبێ بەڵام قسە لەسەر (هەرێمی کەرکووك) یان (هەرێمی کەرکووك و خانەقین) باش نییە، چونکە ئەو بۆچوونە، رەنگە لەروانگەی حیزبی تەســـکەوە هاتبێ، نەك روانگەی نەتەوەیی و نیشتمانی.. کەسانێك هەن وەها بیردەکەنەوە کە ئەگـــەر کەرکووك، یا کەرکووك و خانەقین، بوو بە یەك هەرێم، ئەوا فڵانە لایەنی سیاســـی دەتوانێ دەســـەڵاتی بگرێتە دەست. واتە بۆچوونەکە لە دەسەڵاتخوازییەکی کاتیی کورتخایەنەوە هاتووە.

ئەویـــش دیار نییە.. کە ئەگەر کەرکووك بوو بە هەرێمێك، کێ دەتوانێ ببێ بە دەســـەڵاتدار لەو هەرێمەدا. ئەبەد دیـــار نییە و نازانرێ و کەس ناتوانێ مسۆگەری بکات... کەس نازانێ تا چەند مانگی تر، چی دێ بەسەر هاوکێشە سیاســـییەکاندا، لەبەر ئەوە باس لە (هەرێمی کەرکووك) مەترســـیدارە و بێهودەیە، دەبێ هەمیشـــە و هەمیشـــە پێدابگرین لەسەر کوردستانیبوونی کەرکووك و خانەقین و شنگال و مەخموور و جێگەکانی تر.